کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-9-2007 2:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**«گورگ»ەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق چ دەکەن؟ ... عەلی موکریانی**

کوردستانی ئێران

هەنووکە بۆ هەمووان روون و ئاشکرایە کە دوای هاتنە سەر کاری پاسدار مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاد وەك سەرکۆماری حکومەتی ئێران، تەواوی پۆستەکانی حکومەتی ئێران درایە دەست ئەندامانی سپای پاسداران و ئەوانەی هەتا دوێنی بە یۆنیفۆرمی پاسدارییەوە لە ئێران خەڵکیان دەدایە بەر گوللە و شانازییان دەکرد بە «جیهاد» لە دژی گەلی کورد، ئێستاکە بە جل و بەرگی جۆراوجۆرەوە لە تەواوی دام و دەزگاکانی حکومەتدا دەستیان بە کار کردووە. گەر لە وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزخانەکانی ئەم رێژیمە لە وڵاتان گەرەێین، کە هەموویان کەوتوتە دەست سپای پاسداران، باقی دام و دەزگا تیجار و تەندرووستی و خزمەتگوزاییەکان نەك تەنیا لەم دیاردەیە بەدەر نیین بەڵکو کارامەترین و بە ئەزموونترین تیرۆریستەکانی سپای قودس خراونەتە ناو ئەم دام و دەزگایانە.

ئەوان بە ناوی کاری خزمەتگوزاری و تیجاری، گەورەترین و ئاڵۆزترین کردەوە تیرۆریستییەکان لە وڵاتانی دەرەوە و بە تایبەتی لە عێراق سەرپەرشتی دەکەن.

تەلەڤیزیۆنی سی. ئێن. ئێن رۆژی 24 گەلاوێژی ئەمساڵ دەربارەی سپای پاسداران و دەوری ئەم پێکهاتەیە لە رەوانەکردنی تیرۆریسم و سەرکوتکردنی خەڵك نوسی:

ئەندامانی سپای پاسداران 150 هەزار کەسە و زۆر تەیارن. ئەوان زۆر دەوڵەمەندن. ئەوان خاوەن کۆمپانیایەکی زۆرن. کاربەدەستێکی پێشووی ئەمریکا گوتی کە سپای پاسداران ساڵانە یەك میلیارد دوڵارداهاتی هەیە. لە هەمان کاتدا ئەرکی پاراستنی حکومەتیان لە ئەستۆیە، ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆ سەرکوت دەکەن و لە دەرەوەی وڵاتیش کار دەکەن.

رۆژنامەی «شەرقولئەوسەت» چاپی لەندەنیش رۆژی 27ی گەلاوێژی نوسی: ناوزەدکردنی سپای پاسدارانی ئێران لە ناو لیستی تیرۆر، ئەم سپایە بە تەواوی لە کار دەخات. سپای پاسداران دامەزراوەیەکی گەورەیە و چەندین بەشی وەك سیاسی، ئابووری، سەربازی، فەرهەنگی و ئاسایش دەگرێتەوە و زیاتر لە 560 شیرکەتی تیجاری هەیە لە دەرەوەی ئێران و بەم بریارەی دەوڵەتی ئەمریکا، بۆ ناوزەدکردنی پاسداران لە لیستی تیرۆر، ئەم سپایە چی دی ناتوانێت بەردەوام بێت لە چالاکییە بازرگانییەکانی خۆی.

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئارا کە: ئەم پاسدارانە لە هەرێمی کوردستانی عێراق چ دەکەن؟

بە داخەوە دەبێ بڵێین کە هات و چۆی ئەندامانی سپای پاسداران بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق راستییەکی کۆنە. ئەم تیرۆریستانە (کە ئەمرۆ بە درۆ بوونەتە دیپلۆمات! و تاجر!) چ بەر لە رووخانی دەوڵەتی پێشووی عێراق و چ دوای رووخانی، هات و چۆیان هەبووە بۆ ئەم ناوچەیە و مەبەستەکانی حکومەتی ویلایەتی فەقیهی ئێرانیان پێ و شوێن گرتووە و هەتاکو ئێستا سەدان کەس لە ئێرانییە نەیارەکانی حکومەتی ئێرانیان لەم ناوچەیە تیرۆر کردووە.

بە پێچەوانەی چاوەڕوانیکردنەکانی جەماوەری کوردستانی عێراق، بەداخەوە حکومەتی هەرێم هەتاکو ئێستا چاوی لە سەر ئەم راستییانە قوچاندوە و هەوڵیان داوە کە وەك «دیپلومات» یان «تاجر» ناویان بێنن. لە کاتێکدا خۆیان بە باشی دەزانن کە ئەمانە ئەندامانی بە پێشینەی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامین کە هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر بە یۆنیفۆرمی پاسدارییەوە هات و چۆی ئەم هەرێمەیان دەکرد. چەند مانگ لەمەوبەر (ئایاری 2007) کاتێ کە پێنج کەس لە کارامەترین ئەندامانی قەرارگای رەمەزان، سەر بە سپای قودس لە پێتەختی هەرێم، لە لایەن هێزە ئەمریکاییەکانەوە دەستگیر کران بە لای جەماوەرەوە شتێکی سەیر نبوو. لەبەر ئەوەی ئەوان بە باشی دەزانن کە ئەندامانی سپای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تیرۆریستیی قودس و بە تایبەتی وەزارەتی ئیتلاعاتی حکومەتی ئێران ماوەیەکی زۆرە لە ژێر ناوی کاری تیجاری و تەندروستی و خزمەتگوزارییەوە هات و چۆی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەن و کردەوە تیرۆریستییەکانیان جیبەجێ دەکەن.

دەستگیرکردنی ژمارێك لەم تاجرانە! لە ئوتێل پالاسی سلێمانی دەبێ زەنگی خەتەر بێت بۆ کاربەدەستانی هەرێم. دەستگیرکراوەکان تیرۆریستن و ئەم جارە بە ناوی کاری تیجارییەوە هاتوونەتە مەیدان. پاسدار فەرهادی کە لەم ئۆتێلەدا دەستگیر کراوە، یەکێکە لە کۆنترین ئەندامانی سپای قودس و ماوەیەکی زۆر فەرماندەی قەرارگای زەفەری کرماشان و سەرپڵی زەهاو بووە کە یەکێکە لە قەرارگاکانی سەر بە هێزی قودسی سپای پاسداران.

دەستگیرکردنەکانی شاری سلێمانی زۆر گرینگترە لەوەی لە هەولێر رووی دا. لەبەر ئەوەی کە ئەم راستییە دەردەخات کە حکومەتی ئێران هەروا بەردەوامە لە رەوانەکردنی تیرۆریست و کردەوەی تیرۆریستی لە کوردستان.

ئەم فاکتەرانە بەر لە هەر شتێك، ئەم راستیە دەخاتە روو کە دەرکردنی رێژیمی ئێران لە عێراق بە گشتی و لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە تایبەتی، پێویستییەکی زۆر خێرایە. ئەگەر بەر بە چالاکییەکانی رێژیمی ئێران لە کوردستانی عێراق نەگیردرێت، جەماوەری کوردستان چ چاوەڕوانییەکی دیکەیان لە کاربەدەستانی خۆیان هەبێت. ئایا دەبێ رێگە بدرێت «گورگ»ەکان جل و بەرگی «دۆست» لەبەر بکەن و لە سەر خاکی کوردستان جەولە بدەن؟!

ئەزموون نیشانی داوە کە دەسەلاتدارانی ئێران لە بری دینارێك پارمەتی!دانیان بۆ خەڵکی عێراق، نەك تەنیا بە هەزار قات ئابووریی ئەم ولاتەیان تالان کردووە بەڵکو خوێنی گەلی عێراق و لایەنە دێمۆکرات و ئازادیخوازەکانیان مژیوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.